# دەربارەی دین و كۆمۆنیزم

نوسینی:

زەردەشت نورەدین

بۆ ئەوەی لە ماهییەت و چییەتیی "دین" و "کۆمۆنیزم" تێبگەین، ئەوا پێویستە لە دەرەوەی ئەو دابەشکارییە بۆرژوازییەوە بیربکەینەوە کە دووانەی دژیەکی "دین/کۆمۆنیزم" و یان پێچەوانەکەی واتە هاوشوناسی "دین/کۆمۆنیزم"ی دارشتووە. هەرچی بیرکردنەوە هەیە، لەو چوارچێوەیەدا جگە لە ئاناکرۆنیزم[١] و تۆتۆلۆژی[٢] و کاویژکردن و جووینەوەی عەقڵی کۆنەخوازی بۆرژوازی هیچ ئەنجامێکی‌تری نییە. ئەم نوسینە هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی ئەو چوارچێوە کۆنەخوازە بۆرژوازییە و هاوکات پیشاندانی ئاسۆییەکی تری خەباتیشە لە دژی بۆرژوازی و سەرمایەداری.

**a- دین**

ئۆگەست کۆنت، مێژووی مرۆڤایەتی دابەشدەکات بۆ سێ پارادایم[٣]: ئوستورە، فەلسەفە و زانست. هەرکام لەم پارادایمانە کۆمەڵێک پارامیتەری تایبەت بە خۆی هەیە کە مۆدیلە جۆراجۆرەکانی

---

[١]. ناهارمۆنیەت لە ڕێکخستنی مێژوویی بەگوێرەی کات، بەتایبەتی لە تەنیشتی یەکتر دانانی چەند کەسێک، چەند ئۆبێکتێک یان چەند ڕووداوێکی جیاوازی چەند بڕگەیەکی مێژوویی جیاواز کە دەشێ بەمەبەست یان بێمەبەست بێت. باوترین جۆری ئاناکرۆنیزم هەلگرتنی ئۆبێکتێکە لە بڕگەیەکی مێژوویی دیاریکراوەوە بۆ بڕگەیەکی تری مێژوویی کە دەشێت تەکنۆلۆژیا یان ئایدیایەکی فەلسەفی یان دەربڕێنێکی زارەکی و ... بێت.

[٢]. بریتییە لە چەندپاتکردنەوەی هەمان شت زیاتر لە جارێک بۆنمونە؛ وەک مەیتێکی مردوو. تۆتۆلۆژی دەکرێت لۆژیکی یان ڕیتۆریکی یان ڕێزمانی ... هتد بێت و زۆرجار وەک هەڵەی ستایل تەماشادەکرێت.

[٣]. پارادایم (لەیۆنانی: پارادیگما paradeigma)بریتییە لە سەرمەشق، نموونەی زاڵ و چوارچێوەی هزری و فەرهەنگی کە کۆمەڵێک نموونە و بیرۆکە بۆ تاقم یان کۆمەڵگایەک دادەڕێژێت. هەرگرووپ و کۆمەڵگایەک، "ڕاستییەکانی" خۆی لەنێو چوارچێوەیەکی پارادایمی کە پێی ڕاهاتووە، لێکدەداتەوە. پارادایمە کۆنەکان لەڕێگای فێرکردنی تاک و کۆمەڵگاوە، دەبنە چوارچێوەگەلێکی "ڕوون و بێ‌قسەوباس. وشەی پارادایم سەرەتا لە سەدەی پازدەهەم، بە واتای "نموونە و سەرمەشق" بەکارهاتووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٠ دا و شەی پارادایم تەرخانکرا بۆ "نمونەی بیرکردنەوە لە هەربوارێکی زانستی یان دەقێکی "ئەپیستمۆلۆژیا".
ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی١٩٦٢، زانای ئەمریکی تۆماس سامویل کۆهن(١٩٩٦-١٩٢٢ز) لەکتێبی "بونیادی شۆڕشە زانستییەکان" بەکاریهێناوە. بەپێی کۆهن پارادیگم بریتییە لە بەرپاکردنی شۆڕشێکی زانستیێکە سەرلەبەری تێڕوانینی مرۆڤ بۆ دنیا و ماتریاڵ دەگۆڕێت و لەوێشەوە سەرلەبەری ژیانی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت، تۆماس کۆهن وایدەبینێت کاتێک زانایان ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی زانستی دەبنەوە کە بەپێی شێوەی باوی زانست چارەسەرناکرێن، ئەوسا شۆڕشی زانستی ڕوودەدات، ئەوسا دەبێت ئەو شێوە کۆنانە جێبهێڵرێن لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە و پێکهێنانی تیۆرێکی نوێ. کەواتە پارادیگم بەم مانایە بریتی نییە لە تیۆریی باو، بەڵکو بریتییە لە ڕوانین بۆ دونیا.
هەروەها بە مانای "دیدی میتۆدی"، یان "نمونەگەرایی"یش دێت کە بەم مانایە پارادایم بریتییە لە تیۆریەکی گشتگیر، یان کۆمەڵێک باوەڕی پێکەوەبەستراو کە لقە زانستە جیاوازەکانی تریش دەگرێتەوە، پاشان قۆناغی گۆڕانکاری خرابێت بەهۆی سەرهەڵدانی دیدێکی میتۆدیی نوێوە کە کۆمەڵێک باوەڕ و دۆزینەوەی زانستیی نوێ لەخۆیدەگرێت و باوەڕە کۆنەکان ڕەتدەکاتەوە. ((لە ویکیپیدیاوەوەرگیراوە)).

ڕوونکردنەوە بەرهەمدێنێت و دواجار هەرکام لەوانە میتۆدی خۆی درووستدەکات. بەدەربڕینێکی تر، هەر پارادایمێک لانیکەم دەبێت ئۆنتۆلۆژی و ئەپیستمۆلۆژیی تایبەت بە خۆی بەرهەمبێنێت. هەموو ئاستە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایدۆلۆژی و ئابورییەکانی کۆمەڵگا، لە چوارچێوەی ئەو پارادایمە جیاوازانەدا، جیاواز کاریانکردووە. هەڵبەتە دروستبوونی هەرکام لەوانە پەیوەستە بە هەلومەرجی ماتریاڵی و مێژووییانەوە.

دین لە قۆناغی شارنشینی پارادایمی ئوستورەییدا سەرهەڵدەدات و بەدیاردەکەوێت. بۆیە پێش ئەوەی بزانین دین چییە دەبێت بزانین ئوستورە چییە؟ لە سادەترین مانادا ئوستورە بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ ناسینی خۆی و جیهان و دەربازبوون لە نامۆبوون و زاڵبوون بەسەر هەستکردن بە تەنیایی وجودییدا لەڕێگەی ئافراندنی داستانی خەیاڵئامێزەوە، بەجۆرێک کە هەموو ئەگەر و ئیمکانەکانی ئەودیو سنوری مرۆڤەکان لە فۆرمێکی باڵای نامرۆڤانەدا چنرابێت. بەدەربڕینێکی تر؛ ئوستورە زەرورەتی مانیفیستبوونی ئەویتری گەورەیە لەمەڕ ڕێکخستنی پانتایی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەچوونی کۆمەڵگا و بەردەوامبوونی ژیان.

لە پارادایمی ئوستورەدا، ئوستورە ڕۆحی کۆمەڵگایە، ڕۆحی ژیانە و ڕۆحی جیهانە. واتە ئوستورە، ئاگایی دەستەجەمعیی مرۆڤە، کە ئایدۆلۆژیای زاڵ و باوی سەردەم بەرهەمدێنێت. بەم پێیەش ئوستورە دەبێتە ڕێکخەری گشتی فۆرمی سەرخانی کۆمەڵگا بە گوێرەی دواسنورەکانی ژێرخان.

دین دواهەمین قۆناغی ئوستورەییە کە بەفیعلی لە کۆمەڵگادا کاری کردبێت. لەم سۆنگەوەیە کە میرچا ئەلیادە، دین بە ئوستورەی پەرەسەندوو دەزانێت. ئوستورەی پەرەسەندوو واتە ئوستورەی شارنشینی و قۆناغی شارستانیەت. ئوستورەی سەردەمی کۆچەریبوون جیاواز بووە لە ئوستورەی سەردەمی کشتوکاڵی و گوندنشینی و بەهەمان شێوەش ئوستورەی شارنشینی جیاوازە لە ئوستورەی گوندنشینی. بەم پێیەش دین، ئوستورەی قۆناغی شارنشینی و شارستانییەتە. بۆیە دین بەراورد بە ئوستورە زیاتر بونیادی چینایەتی و دامەزراوەیی لە خۆدەگرێت. کەواتە لەسەردەمی دین یان ئوستورەی دواییندا، دین دەبێتە ڕۆحی کۆمەڵگا و ژیان و جیهان و ئایدۆلۆژیای سەردەم بەرهەمدێنێت. ئەرک و ڕۆڵ و کارکردی ئوستورە دەبینێت.

بێهۆ نییە لە قۆناغی شارستانییەتدا بینەری سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دینەکان دەبین. دینەکان بەنزیکەیی مێژوویەکی سێهەزارساڵەیان هەیە. دینەکانی وەک هندۆیزم، بودیزم و جەینیزم و.... لە پاڵ ئەمانەشدا دینە ئیبراهیمییەکان؛ یەهودی، مەسیحی و ئیسلام سەرهەڵدەدەن. هەرکام لەم دینانە مناڵی هەلومەرجی ماتریاڵی و مێژووی سەردەمی خۆیانن و ڕۆڵی "گشت-کل"ێکی ڕێکخەریان بینیوە و ئاراستەی کۆمەڵگا و تاک و سەرجەم پەیوەندییەکانیان کردووە. دواجار دەسەڵات و دەوڵەتیش هاوئاراستەیان بووە.

بەدەربڕینێکی تر، دین دەرەنجامی زەرورەتی نوقسانی و کەموکوڕییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی کۆمەڵگا و ژیانی بەکۆمەڵ بووە.

بەم پێیەش دین دەبێتە سوپەرئیگۆی کۆمەڵگا واتە دەبێتە ئاراستەکاری پانتایی ڕەمزی و هاوشوناس دەبێت لەگەڵ ئەیتری گەورەدا یان دەبێت بە ئەویتری گەورە. دین "گشت"ێکی گەردوونییە کە پەیوەندیی بەشە تایبەت و پارتیکولارەکان ڕێکدەخات و ڕایەڵەی پەیوەندییەکان دەچنێت و فۆرمی بەشەکان لەگەڵ خۆی سازگار دەکات. دواجار دین دەبێتە ئۆتۆریتەی جیاکردنەوە و حوکمدان لەمەڕ؛ ڕاست و ناڕاست، تەندروست و ناتەندروست، حەقیقەت و بۆچوون و ... هتد و پایەی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، سیاسی و ئایدۆلۆژی لە کۆمەڵگادا هەڵدەچنێت.

لەڕوانگەی تۆماس کۆهنەوە پارادایمێک کاتێک دەکەوێت کە تووشی قەیرانی قووڵ بووبێت و بە واقیعی توانای وڵامدانەوەی نامێنێت و ناتوانێت قەیرانەکانی چارەسەر بکات و پاش کەوتنی، پارادایمێکی تر شوێنی دەگرێتەوە کە ئەو پارادایمە نوێیە دەتوانێت کێشەکان و قەیرانەکانی پارادایمی پێشوتر چارەسەر بکات.

پارادایمی ئوستورە لە نزیکەی سێهەزار ساڵ لەمەوپێشەوە تووشی قەیران دەبێت و کێشەی جدیی بۆ دروستدەبێت، و هەوڵدەدرێت لە فۆرمێکی تری ئوستورە واتە دیندا وەڵامی ڕیشەیی ئەو قەیران و کێشانە بدرێتەوە کە سەرکەتوو نابێت. هاوکات پاش ئەم قەیرانانە پارادایمی فەلسەفە دەردەکەوێت و هەوڵدەدات وەڵامی ئەو قەیران و کێشانە بداتەوە. بەڵام پارادایمی فەلسەفەش لەبەر هەندێ کێشەی ناو خودی فەلسەفە و سنورداربوون و نوخبەوییبوونی ناتوانێت بەتەواوی وەڵامی قەیران و کێشەکانی پارادایمی ئوستورە بداتەوە بۆیە دەبینین بە درێژایی ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوو پارادایمی ئوستورە و فەلسەفە بەتەنیشت یەکەوە کاریانکردووە و هیچکام لەو دووانە بەتەواوی نەبۆتە جێگرەوە بۆ ئەویتریان.

فەلسەفە یەکەم هەوڵی مرۆڤە بۆ لەئوستورەداماڵینی ڕوونکردنەکانی سەبارەت بە پەیدابوون و ژیان و گەردوون بە شێوەیەکی ماتریاڵیستی و عەقڵانی. سەیر نییە یەکەم فەیلەسوفەکان ماتریاڵیستن و فەلسەفە بە شێوەیەکی ماتریاڵیستی دێتەکایەوە. لەبەرئەوەی دوائامانجی فەلسەفە خستنەڕووی مۆدیلی لۆژیکی و عەقڵانییە بۆ ڕوونکردنەوەی ماتریاڵیستانەی پەیدابوون و دیاردەکان و گەردوون ژیان و ... هتد.

لە پارادایمی فەلسەفەدا ئیدی ڕوونکردنەوەی ئوستورەیی و دینی تاکە ڕوونکردنەوە نەبوو و تەنانەت لە ناو دەستەبژێر و نوخبەدا ڕوونکردنەوە زاڵێش نەبوو. بۆیە دین بەناچاری بە ئاستێکی تردا دەکشێت و ملدەدات بە زمانی فەلسەفی. ڕوونکردنەوە و گوتارەکانی تێکەڵ بە فەلسەفە دەکات و بە زمانی فەلسەفە قسەدەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ پارادایمی فەلسەفەدا بێتەوەیەک و پەراوێزنەخرێت. پارادایمی فەلسەفەش نەیتوانی بەتەواوی خۆی لە ئوستورە و

دین پاکبکاتەوە و بە فۆرمێکی تر لە فەلسەفدا ڕەنگیاندایەوە و کاریگەرییان لەسەر دانا. لە پارادایمی فەلسەفەدا دین ڕەهایەتی و تاکسەنتەریی نەما و نەیتوانی لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا کاربکات وەکچۆن لە پارادایمی ئوستورەدا دەیکرد، ئەگەرچی بۆ هەموو ئاستەکان قسەی هەبێت بەڵام بە واقیعی کارناکات.

لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە پارادایمی فەلسەفە تووشی قەیران دەبێت. بۆیە پارادایمی زانست دەردەکەوێت و تێیدا ڕوونکردنەوەی ئوستورەیی بەتەواوی هەڵدەوەشێتەوە و ڕەوایەتی و ڕاستێتی لەدەستدەدات و بەفیعلی ولاوە دەنرێت و دواجار ناتوانێت وەک پارادایمێک بە واقیعی کاربکات و دەکەوێت. لەم بڕگەیەدا دین ئاستێکی تر دادەکشێت و کورتدەبیتەوە بۆ ئاراستەکاری ئەخلاقیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و هاوکات گشتگیری و هەمەلایەنەیی خۆی لەدەستدەدات. لەپاش دەرکەوتنی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و داروینەوە ئیدی پارادایمی ئوستورە و دین مەحاڵ دەبێت و ناتوانێت مۆدیلی باوەڕپێکراوی ئەزموونی حەقیقەت بێت بۆ پەیدابوون و گەردوون و ژیان. کەواتە هەلومەرجی ماتریاڵی و ئۆبێکتیڤی لەکارکەوتنی دین دەردەکەوێت. لە هەلومەرجێکی لەو جۆرەدایە کە نیچە ئاماژە بە مەرگی خودا دەکات. مەرگی خودا دواهەمین بڕگەی کەوتنی پارادایمی ئوستورە و دینە.

دین وەک لوتکەی گەشەکردنی ئوستورە و هاوکات دواهەمین قۆناغی، لە دونیای هاوچەرخدا، ئیدی "گشت"ێک نییە کە کۆپەیوەندیی بەشەکان ڕێکبخات و کاریگەریی لەسەریان هەبێت و فۆرمیان پێ ببەخشێت. ئەو ڕۆڵ و کارکرد و ئەرکەی دین کە لە پارادایمەکانی پێشوتردا هەیبوو لە ئێستادا بە هۆی گۆڕانە ماتریاڵییەکانی واقیعەوە نیەتی. لە ئێستادا دین وەک "گشت"ێک هەڵوەشاوەتەوە و بووە بەچەند بەشێکەوە کە لەچەند ئاستێکی بچوکتردا ئیشدەکات.

**b- کۆمۆنیزم**

کۆمۆنیزم تا ئێستا لە سێ پانتاییدا دەرکەوتووە و کاریکردووە. بۆ ئەوەی بەتەواوی و هەمەلایەنەیی بزانین کۆمۆنیزم چییە، ئەوا دەبێت بەوردی لە کۆمۆنیزم لە هەرسێ پانتایەکەدا تێبگەین، نەک وەک ئەو وێنە هەڵگەڕاوەی کە بۆرژوازی بۆ کۆمۆنیزمی داتاشیوە کە تەنیا وێنەیەکی کاریکاتێریی "پانتایی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست"ـە کە بەشێوەی ناموکین و

دوورەدەست و ناواقیعی دەیخاتەڕوو. ئەو سێ پانتایەی کە تا ئێستا کۆمۆنیزم تێیدا دەرکەوتووە و کاری تێدا کردووە بریتین لە؛

١- پانتایی ئایدیا

٢- پانتایی مێژوو

٣- پانتایی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست

**١- پانتایی ئایدیا**

لەو ساتەوەی کە مرۆڤ بە کۆمەڵ ژیاوە و پێکەوە کاریانکردووە و کۆمۆنیتی و جڤاتیان دروستکردوە، ئایدیای کۆمۆنیزم دەرکەوتووە و کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا"دا کاریکردووە. بنەڕەتی بەکۆمەڵژیان بەشێوەیەکی تەندرووست و یەکسان کۆمۆنیزمە کە کار لەسەر هاوبەشێتی و هاوپشکی و بەشداربوونی پێکەوەیی دەکات. بەدەربڕینێکی تر هاوبەشبوون لە بەرهەمهێنان و مەسرەفکردندا بەشێوەیەکی یەکسان بەجۆرێک کە هەموان بەشدار بن و هیچ کەمینەیەک پشتگوێ نەخرێت. لەم قۆناغەدا کۆمۆنیزم وەک ئایدیا لە کەوڵ و بەرگی عەدالەت و یەکسانییدا ڕەنگیداوەتەوە و دەرکەوتوو ەو کاریکردووە.

کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا"دا پارامیتەر و پێوەری ژیانێکی تەندروست و یەکسانیخواز و بەختەوەرانە بووە؛ واتە کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا"دا، بیرۆکە و ئایدیای عەدالەت و یەکسانی و هاوبەشی و بەشداریی هەموان بووە لەسەرجەم چالاکییە مادی و مەعنەوییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا. پەیوەندی و پێکەوەیی هەر کۆمەڵ و کۆمۆنیتی و جڤاتێک تا زیاتر یەکسانیخوازانە و دادپەروەرانە بوایە ئەوا ئەو کۆمەڵەیە، زیاتر کۆمۆنیستی بووە. کۆمۆنیزم لەم قۆناغەدا ڕۆحی عەدالەت و دادپەروەری و یەکسانیخوازی بووە کە ئەمەش هۆکارێکی گرنگی ئاسودەیی و پێکەوەیی و هەرەوەزکاریی مرۆڤ بووە لەسەرەتادا.

کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا" بەدرێژایی مێژوو، ئاسۆیەکی یونیڤێرساڵ و گەردوونی بووە بۆ بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی وەک؛ بەدرێژایی چاخە تاریکەکان هیوا و ئومێد بووە بۆ ژیانێکی باشتر، خەون و ڕوئیای دەستەجەمعی بووە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای عەدالەت و بێچین، حەز و ئارەزوی شەخسی بووە بۆ ژیانێکی جوامێرانە و یەکسانیخوازانە کە هەموان وەک یەک بەشدار بن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و مەسرەفکردندا. بەدەربڕینێکی تر؛ کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا"دا ئەگەر و ئیمکانی تێپەڕاندنی بوونی "مرۆڤ-ئاژەڵ" بووە کە تەنیا لە چوارچێوەی غەریزەکانی مرۆڤدا کاردەکات، واتە دەستەبەرکردنی ئەگەر

و ئیمکانی ژیانێکی بەهادار و ماناداری مرۆڤانە کە لە ڕۆحی بەرەنگاری و شۆڕشگێڕییەوە سەرچاوەی گرتبێت و کورتنەبێتەوە بۆ چواچێوەی "مرۆڤ-ئاژەڵ".

**٢- پانتایی مێژوو**

وەکچۆن کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا"دا بەدرێژایی چاخەکان ئامادە بوو و کاریکردووە ئەوا بەهەمان شێوەش لە "پانتایی مێژوو"دا بەدرێژایی چاخەکان ناوبەناو دەرکەوتووە و کاریکردووە. بەم پێیەش کۆمۆنیزم لە "پانتایی مێژوودا" ئەکتێکی یونیڤێرساڵ و گەردوونی بووە. گواستنەوەی کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا"ـەوە بۆ "پانتایی مێژوو" هەوڵێکی ڕزگاریخوازانەی دەستەجەمعیی چەوساوە و ستەملێکراوان بووە بە ئاراستەی عەدالەت و یەکسانییدا. لەم سۆنگەیەوە کەمتازۆر هەموو ئەو هەوڵانەی بەدرێژایی چاخەکان بە ئاراستەی بەدیهێنانی عەدالەت و یەکسانیخوازییدا ئەنجامدراون، مانیفێستبوونی کۆمۆنیزم بووە لە "پانتایی مێژوو"دا. بەدەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین لە هەر بڕگەیەکەی مێژوییدا کە چەوساوە و ستەملێکراوان ڕاپەڕیبێتن و بەگژ ستەمکار و چەوسێنەردا چوبێتنەوە ئەوا ئەو لەحزە، لەحزەیەکی کۆمۆنیستی بووە.

کۆمۆنیزم لە "پانتایی مێژوو"دا تایبەت نیە بە ناوچەیەکی دیاریکراو و سەردەمێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەکتێکی یونیڤێرساڵ و گەردوونییە و هەروەها ئەکتواڵبوونی ڕۆحی زۆرینەی خەڵک بووە لە فۆرمی هەستانەوە و ڕاپەرینە جەماوەرییە ڕزگاریخوازەکاندا. مێژوو پڕە لە گواستنەوەی کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئایدیا"ـەوە بۆ "پانتایی مێژوو"، وەک ڕاپەڕینی سپارتاکۆسی کۆیلە لە دژی خاوەنکویلەکان. کۆمۆنیزم بریتییە لە ڕۆحی دەستەجەمعی بەرەنگار و جەنگاوەر کە لە هیچ پانتاییەکدا مل بە هیچ چەوسانەوە و ستەمێک نادات و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی کۆنەخواز و چەوسێنەر نابێت.

کۆمۆنیزم لە "پانتایی مێژوو"دا ئەگەرچی بەدرێژایی چاخەکان لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی هەستانەوە و ڕاپەریندا دەرکەوتووە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە بەتەواوی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بنیاتبنێت و چەوساندنەوەی چینایەتی بەیەکجارەکی لەناوببات(لە "پانتایی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست"دا ئەم هۆکارە زیاتر ڕووندەکەینەوە). بەڵام لە تەنیشت ئەمانەدا دەشێت ئاماژە بەوە بدەین کە ***چۆن هیچ کۆمەڵگایەک بەتەواوی کۆمۆنیستی نەبووە ئەوا بەهەمان شێوەش هیچ کۆمەڵگایەک نەبووە کە خاڵی بێت لە کۆمۆنیزم***. لەبەرئەوەی کۆمۆنیزم لەبنەڕەتدا جەوهەری مرۆڤە. واتە جەوهەری مرۆڤ، جەوهەری کۆیەتی و دەستەجەمعییە. کەواتە بەسرووشتی مرۆڤ کۆمۆنیستە بەڵام ئیدی ئەوە کۆمەڵگای چینایەتی و خاوەندارێتیی تایبەتە، کە سرووشتە کۆمۆنیستییەکەی مرۆڤ سەرکوتدەکات و ناهێڵێت سرووشتی کۆمۆنیستی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەربخات و ببێتە ڕێکخەری پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا.

سەرباری ئەم سەرکوتەی کۆمەڵگای چینایەتی و خاوەنداریێتیی تایبەت، جەوهەرە کۆمۆنیستییەکەی مرۆڤ بەدرێژایی چاخەکان ڕیشەکێش نەکراوە و لەناونەچووە.

کۆمەڵگای چینایەتی کە لەسەر بنەمای خاوەنداریێتیی تایبەت هاتۆتەپێکهاتن، ئەوا کۆمەڵێک کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانی تایبەت بە بڕگە جیاوازەکانی خۆی بەرهەمهێناوە کە بەدرێژایی چاخەکان کۆمەڵگای چینایەتی لەڕێگەی ئەو کۆپەیوەندییانەوە خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. کۆمەڵگای چینایەتی وەک چوارچێوەیەک سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئابوری بەرهەمهەدێنێت دواجار هەموو ئەو بوارانە هەڵگری بونیاد و ستراکتوری چینایەتی دەبن. هەموو ئەمانە پێکەوە مێژووی چینایەتی دەهێننەپێکهاتن و مرۆڤ لەم مێژووە چینایەتییەدا لەدایکدەبێت و گەشەدەکات و بەردەوامدەبێت. دەرنجامی ئەمەش دروستبوونی سایکۆلۆژیای گشتیی چینایەتییە و ئەمەش دەبێتە میکانیزمیک بۆ سەرکوتکردنی جەوهەری کۆمۆنیستیی مرۆڤ و بەرگرتن بە دروستکردنی کۆمەڵ و جڤاتی کۆمۆنیستی. کەواتە جەوهەری کۆمۆنیستی و جەوهەری چینایەتی لە سایکۆلۆژیای مرۆڤدا بەشێوەیەکی ئەنتاگۆنیستی بەریەک دەکەون و جارێکی تر ململانێ ئەنتاگۆنیستییەکە لە کۆمەڵگادا لەسەر ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدەداتەوە. هەموو ئەمانەش بەهۆی خاوەنداریێتیی تایبەتەوە دروستدەبێت. واتە خاوەنداریێتیی تایبەت لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا کۆمەڵگای چینایەتی درووستدەکات و کۆمەڵگای چینایەتی ئایدۆلۆژیای چینایەتی بەرهەمدێنێت و لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای چینایەتییشدا سایکۆلۆژیای ناکۆمۆنیستی دێتەپێکهاتن کە پێچەوانەیە لەگەڵ جەوهەری مرۆڤدا کە جەوهەریکی کۆمۆنیستییە.

### ٣- پانتایی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست

پێش مارکس و ئەنگڵس، پانتایی ئەلتەرناتیڤی بەردەست بەدرێژایی چاخەکان مومکین نەبوو و بینەری کۆمەڵگای سۆسیالیستی نەبووین. هەموو ئەو هەوڵانەی پێش مارکس و ئەنگڵس لەئارادا بوون بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی وەک لە کلاسیکدا "کۆمار"ی ئەفلاتون، لەسەدەکانی ناوەڕاست "شاری خۆر"ی کامپانێلا و "یۆتۆپیا"ی تۆماس مۆر نەیانتوانی سۆسیالیزم لە "پانتایی مێژوو"ە بگوازنەوە بۆ "پانتایی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست" و کۆمەڵگای سۆسیالیستی بنیاتبنێین. لەپاڵ ئەمانەشدا سۆسیالیستە یۆتۆپی و خەیاڵییەکانی پێش مارکس و ئەنگڵس و هاوسەردەمیان نەیانتوانی تیۆر و بیروبۆچونی خۆیان وەک ئەلتەرناتیڤێکی واقیعی و عەمەلی و بەردەست ئامادەبکەن و لەڕێگەی ئەوەوە ئەو ئیمکان و ئەگەرە بە واقیعی لەبەردەم خەڵکدا بکەنەوە کە بتوانن کۆمەڵگای سۆسیالیستی بنیاتبنێن و نمونەی ئەو یۆتۆپیایانە وەک؛ فۆرییە، کابە و ویتلینگ و .... هتد. بەم پێیەش لە مارکس و ئەنگڵس‌ەوە بەشێوەیەکی واقیعی کۆمۆنیزم وەک ئەڵتەرناتیڤیکی بەردەست ئامادە دەبێت و بەگەڕدەکەوێت.

مارکس و ئەنگڵس ئاسۆیەکی پراکتیکیی نوێ بۆ کۆمۆنیزم دەکەنەوە و کۆمۆنیزم لە "پانتایی مێژوو"ە دەگوازنەوە بۆ "پانتایی ئەلتەرناتیڤی بەردەست" و لە مێژووی ڕووت، دەردەچێت و دەبێت بە فاکتێکی مێژوویی. ئەو توانست و ئیمکانە لە ڕووی پراکتیکییەوە لەبەردەم خەڵکدا دەکرێتەوە کە بتوانن بە ئاراستەی بنیاتنانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییدا هەنگاوبنێن و بتوانن لە واقیعدا پیادەی بکەن. بەدەربڕینێکی تر کۆمۆنیزم لە "پانتایی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست"دا وەک بەدیل و ئەڵتەرناتیڤێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی نوێ بۆ جیهانی کۆن کە جیهانێکی چینایەتییە ئامادەدەکات، ئەویش بە جۆریک کە بشێت پیادە و پراکتیزە بکرێت.

مارکس و ئەنگڵس لەڕێگەی بەرهەم و چالاکییەکانیانەوە ئەڵتەرناتیڤێکی تەواو واقیعییان بۆ جیهانی کۆن ئامادەکرد و خۆشیان خەباتی پراکتیکیان کرد بە ئاراستەی پیادەکردنی ئەڵتەرناتیڤی بەردەست کە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا کاردەکات و شێوەیەکی تەواو جیاواز لەوەی کە هەبووە بۆ کارگێڕی کۆمەڵگا بە هەموو جومگە جیاوازییەکانییەوە دەخاتەڕوو. لەسەر دەستی مارکس و ئەنگڵس "پانتایی ئەلتەرناتیڤی بەردەست" لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی مرۆڤایەتیدا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دێتەبوون. بەدەربڕینێکی تر ئەوەی کە لە "پانتایی میژوو"دا هەستانەوە و ڕاپەڕینە ڕزگاریخوازییەکان نەیانتوانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی بنیاتبنێن بەهۆی ئەوەوە بووە کە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی وەک ئەلتەرناتیڤێکی واقیعی و بەردەست ڕێکنەخراوە و ئامادەنەکراوە. پاش ئامادەکردنی لەلایەن مارکس و ئەنگڵس‌ـەوە دەبینین کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە ڕوسیا لە ئەنجامی شۆرشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ـەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦ بنیاتدەنرێت و پاشان لە چین لە ساڵی ١٩٤٩ـەوە تا ساڵی ١٩٧٦ کۆمەڵگای سۆسیالیستی دێتەپێکهاتن.

**بەراوردی نێوان دین و کۆمۆنیزم**

بەراوردکردن بەرلەوەی پەیوەندیی بە ماهیەت و چییەتی شت و ئۆبێکتەکەوە بێت، پرسێکی ئۆنتۆلۆژییە. وەک هیگڵ لە کتێبی لۆژیکدا ئاماژەی پیدەدات لەسەرەتادا بوون، پەتی( pure being)یە و هەموو شت و ئۆبێکتەکان لە "بوونی پەتی(pure being)"دا هاوبەشن. واتە هەموو ئۆبێکت و شتە جیاواز و دژیەکەکان لە بوونی پەتیدا هاوبەش و بونیان هەیە. کەواتە دەکرێت لەنێوان هەموو شتێکدا بەراورد بکرێت و خاڵی هاوبەش بژمێرین لەبەر ئەوەی بونیادی ئۆنتۆلۆژیی شت و ئۆبێکتەکان بەو شێوەن. هەموو ئۆبیکت و شتەکان خاڵی جیاوازیان هەیە بەو مانایەی کە ئۆبێکت و شت تەنیا لەگەڵ خۆی هاوشوناسە و لەوانی تر جیاوازە. لەسەر ئەم بونیادە ئۆنتۆلۆژییە دەشێت هەموو ئۆبێکت و شتەکان پێک بچوێنین و جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا دەربخەین لەبەرئەوەی بونیادی ئۆنتۆلۆژیی شت و ئۆبیکتەکان ئەو بەراوردکارییە هەڵدەگرێت. تا ئێرە ڕوونە و هیچ کێشە و پرسێک دروستنابێت.

کێشە و پرسی بەراوردکاری کاتێک درووستدەبێت کە ئەم بەرواردکارییە ئۆنتۆلۆژییە بکرێت بە گوزارەی موقەدیمەی(Premise) ئەرگومێنتێک و لەسەر ئەو موقەدیمە دەرەنجامگیریی لۆژیکیی لێ بکرێت. ئەم جۆرە ئەرگومێنتکارییە سەفسەتە و هەڵەکارییە(fallacy). ئەو لێکچوون و بەراوردکارییە ئۆنتۆلۆژییەی کە لە نێوان کۆمۆنیزم و دیندا دەکرێت و دەرەنجامگیریی جۆراجۆر بە شوێن خۆیدا دێنێت کە هەموویان سەفسەتە و هەڵەکارین، لەبەرئەوەی بەهۆی بەراوردکاریی ئۆنتۆلۆژییەوە ناکرێت و لۆژیکی نییە بڕیار و حوکم لەسەر ماهیەت و ناوەڕۆکی ئەو دووانە بدرێت، و لە سۆنگەی ئۆنتۆلۆژییەوە مومکین نییە قسە لەسەر ستراکتور و ناوەڕۆک و ڕوئیا و کارکرد و حەقانییەت و ڕاستی و درووستیان بکرێت و هەڵبسەنگێنرێن. بەراوردکردنی دین و کۆمۆنیزم لەسەر ئاستی ئۆنتۆلۆژی وەک بەراوردی نێوان چاو و تۆپی بلیارد وایە کە دوو شتی تەواو جیاوازن. ئیدی لە هەموو ڕووەکانی پێناسە و ڕۆڵوکارکرد و چییەتی و چۆنییەتی ... وهتدـەوە، بەڵام هەردووکیان خڕ و شێوە گۆیین و لەسەر بنەمای ئەو شێوە گۆییبوونە بڕیار و حوکم لەسەر چییەتی و چۆنییەتی و ...هتدیان بدەیت. ئەمە جگە لە گاڵتەجاڕییەکی نەزانانە هیچیتر نییە.

کەواتە کۆمۆنیزم لە هەرسێ پانتاییەکەدا پارادایمێکی نوێ درووستدەکات. واتە پارادایمی کۆمۆنیزم. زانست لە جەوهەردا زانستێکی بێ ئاراستە و بێلایەنە بەڵام لە ئێستادا سەرمایەداری ئاراستەی دەکات و لایەنگری سەرمایەداری دەکات. لە ئەنجامدا پارادایمی زانست بەهۆی ئاراستەکاری سەرمایەدارییەوە تووشی چەندین قەیرانی قووڵ بووە. کۆمۆنیزم وەک پارادایمێک ڕزگارکەر و تەواوکەری پارادایمەکانی پێشووترە. کەواتە کۆمۆنیزم وەک پارادایمێک ناکەوێتە بەرامبەر هیچ پارادایمێکەوە بەڵام هەموو ئەوانە لەخۆدەگرێت و بە فۆرمی خۆی دایاندەڕێژێتەوە و دەبێتە سەنتێزی پارادایمەکانی پێشووتر. بەم پێیەش پارادایمی کۆمۆنیزم پرۆژەیەکە بۆ بنیاتنانی جیهانێکی بێچین و بێچەوسانەوە بۆ هەمووان. لەم سۆنگەوە دەشێت لەسەر کۆمۆنیزم قسە بکەین و کۆمۆنیزم وەک کۆمۆنیزم ڕەخنەبکەین. نەک کۆمۆنیزم بە شتێکی تر بچوێنین و لەوێوە ڕەخنەی بکەین.